# سەروەری و برسێتی بۆ پاشماوەی ئەنفال، سەرشۆڕی و کۆشک و تەلار بۆ ئەنفالچی

زۆر جار بەر چاو و گوێمان کەوتووە پیاوە سیاسییە ئاینییەکان خۆیان لە (ئەنفال) دەبوێرن و لە بری ئەوەی بڵێن تاوانی ئەنفال یا کارەساتی ئەنفال، دەڵێن تاوانی بەناو ئەنفال، یا کارەساتی بە ناو ئەنفال. کەواتە پێیان باش نییە وشەی ئەنفال بۆ ئەو کارەساتانە بەکار بێنن کە بە دەستی عارەب بە سەر میللەتەکەیاندا هاتووە، چونکە ئەو وشەیە لە قورئاندا باسی هەیە و کردارەکەش، موسوڵمانان لە دژی بێ بڕوایان ئەنجامیان داوە!

جارێ دەبێ بزانین مەرج نییە هەرچی وشەیەکی کە لە قورئاندا هاتووە پیرۆز بێ، دەنا دەبێ شەیتان و ئەبو لەهەب و سەگ و کەر و خوێن و دار و بەرد و وەئد و زۆر شتی تریش کە پیرۆز نین بە پیرۆز بزانین چونکە لە قورئاندا باسیان هەیە و ناویان هەیە و قورئانیش هەر بەو زمانەیە کە ئەو دەمە خەڵکی ئەو ناوچەیە قسەیان پێ کردووە. عارەب بەر لە دابەزینی قورئان و پەیدابوونی ئیسلام هەندێ وشەیان بەکار هێناوە، دوای ئەوە لە قورئانیشدا بە هەمان واتاوە باسیان کراوەتەوە و هەموو قورئان بە زمانی خۆیان بووە. وشەی ئەنفالیش وەک وشەی وەئد و قتل و جهنەنەم و جەهەننەت لە پێش پەیدابوونی ئیسلامدا و لە کاتی هێرش و پەلاماری خێڵەکان بۆ سەر یەکتر، لە ناو عارەبدا بەکار هێنراوە و لەگەڵیدا ڕاهاتوون و بە لایانەوە ئاسایی بووە چونکە دەستکەوتیان لە ئەنفالدا بووە و دوژمنی خۆیانیان زەلیل و ڕەزیل و سەفیل کردووە و دوای ئیسلامیش ئەو وشەیە هاندرێکی باش بووە تا بە دڵ و بە گیان شەڕ بکەن و تاڵان بکەن و بکوژن و نەیاری خۆیان زەلیل بکەن. واتە، ئەنفال لە دوای هاتنی ئیسلامدا پڕ بە پێستی سروشتی عارەبی بیاباننشین بووە.

عەنتەری کوڕی شەدداد کە بەر لە ئیسلام ژیاوە لە بەیتە شیعرێکی خۆهەڵگێشانیدا گوتوویەتی:

(إنا إذا حمس الوغى نروي القنا ونعف عند تقاسم الأنفال)

واتە: ئێمە خەڵکانێکین ئەگەر شەڕ گەرم بێ خوێن دەڕێژین و لە پێشەوەین بەڵام لە دابەشکردنی ئەنفالدا شەرمن و تەریکین.

کەواتە ئەو کاتەش لە ناو عارەبدا ئەنفال کاری پیاوی زەریف و ڕێزلەخۆگرتوو نەبووە و تەنها مشەخۆران پەلاماریان داوە، بۆیە عەنتەر خۆی لێ لاداوە و شەرمی پێ هاتووە. خۆ ئەگەر وا نەبوایە ئەویش شانازی بە ئەنفالەوە دەکرد. بەڵگەی ئەوەی کە عەنتەر بەرانبەر مشەخۆری شەهامەتی هەبووە، ئەم بەیتەیە کە تیایدا دەڵێ: (لاتسقني ماء الحياة بذلة بل فاسقني بالعز كأس الحنظل)

واتە: ئاوی ژیانم بە سەرشۆڕی و زەلیلی مەدەیێ بەڵکو کاسی گوژاڵکم بە سەروەری پێ بدە.

بەعس قەسابخانەیەکی بۆ کورد بەرپا کرد و ناوی لێ نا ئەنفال. هیچ یەکێکیش لە زانایانی عارەبی و ئیسلامی عیراقی و ناعیراقی، چ نارەزاییەکی دەرنەبڕی بەرانبەر بەکارهێنانی ئەو وشەیە و ئەو کرداره. خۆ ئەگەر ڕێزیان بۆ خوێنی کورد نەبوو، دەبوو ڕێزی وشەکە بگرن. ئەو کرداره تاوانکارییانەی کە بە ئەنفال ناونران پڕ بە پێستی بۆچوونی ئەو زانا ئیسلامییانە نەبوایە هەڵبەتە نارەزاییەکیان دەردەبڕی یا هیچ نەبێ گلەییەکیان لە بەعس دەکرد ئەو ناوە پیرۆزەی لە کوردی موسوڵمان سەرف کردووە!!

زانا سیاسییە ئیسلامییەکانمان، ئەوەندە بەوە سەغڵەتن کە کورد ئەو تاوانە گەورانە بە ئەنفال ناو دەبا، بە خودی کردارەکەی بەعس سەغڵەت نابن. هەر دەڵێی ئێمەی کورد بە زۆری زۆرداری و بە ناهەقی ئەو ناوەمان بە سەر ئەو قەسابخانەیەدا سەپاندووە کە بەعس لە دژی کورد بەرپای کرد.

ئەنفالە ئەنفالە ئەنفال! ئەنفال، لە ناو ڕەگی مێژوویی لەمێژینەی عارەبی بیابانەوە سەری هەڵداوە و ڕەگی زۆر لە ڕەگی ئیسلام قووڵترە و تەنانەت ڕسەنتریشە بۆیە ناتوانن هەر وا بە ئاسانی دەستبەرداری ببن. بیابانییەکان، لە پێناوی دەسکەوتی شەڕ نەبوایە، هەرگیز بەو گەرموگوڕییە پشتگیری لەشکری ئیسلامییان نەدەکرد. ئاخر هەتا سەردەمی غەزا و ئەنفال بەسەر نەچوو، ناتەبایی و شەڕی ناوخۆ نەکەوتە ناویانەوە.

ئاساییە عارەبەکان، جا چ مەلا بن یا نامەلا، گەمە بە وشە بکەن و لە پێناوی سەروەری میللەتی خۆیاندا و بۆ پاکڕاگرتنی نەژادی خۆیان پشتگیری لە تاوانی ئەنفالی ئەمڕۆ و دوێنێ و سبەینێی خۆیان بکەن و بیانووی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام نائاساییە مەلای کورد تاوانی ئەنفال وا باس بکا، کە بە ناو ئەنفالە. زانیمان ئەنفالی سەردەمی غەزاکانیان بە لاوە پیرۆزە، بەڵام بۆ دەبێ ئەنفالی پێش ئیسلامیش کە هی سەردەمی جاهیلییە هەر پیرۆز بێ؟! دەکرا ئەو بەڕێزانە لە بری ئەوەی بڵێن بە ناو ئەنفال، بیانگوتبا ئەنفالی جاهیلی!

سیاسەتمەدارانمان بەرگری لە ئەنفالچی دەکەن جا کورد بێ یا عارەب، مەلا بەڕێزەکانیشمان بەرگری لە وشەکە دەکەن و ئەوەی خەسارەتمەند دەمێنێتەوە کوردی ئەنفالکراو و کەسوکار و پاشماوەکانی ئەنفالە، کە ئێمەی پاشماوەی ئەنفالیش دەگرێتەوە.

ئەنفالە، ئەنفال! ئەنفالچییەکان، هەندێکیان لە کورد دەکرێنە خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕ و هەندێکیشیان لە پەنای ئەو سەرکردانەدا پارێزراون کە خەڵکیان ئەنفال دەکرد و بە ئەنفالکردنیان داون. ئەدی ئەوان بە خۆیان ئەنفالچی نین؟! کوان ئەو کوردانەی لە ئەنفالدا نیشانەی ئازایەتییان لە سەدام حوسێن وەرگرت؟ هەمویان لە سایەی سەرکردە باڵاکانی کورددا حەساوە و ئاسوودە نین؟! ئەدی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان؟ بەشی ئەنفالکراو دیارە و هی ئەنفالچیش دیارە. سروود و تابلۆ و ڕۆمان و چیرۆک و شیعر بۆ ئەنفالکراو، کۆشک و تەلار و پارە بۆ ئەنفالچی. گریان بۆ پاشماوەی ئەنفال و پێکهەڵدان و خۆشگوزەرانی بۆ ئەنفالچی. ئەم دنیا بۆ ئەنفالچی و ئەوێ دنیا بۆ ئەنفالکراو!! سەروەری و هەندێ زاراوەی عەوامخەڵەتێن بۆ ئەنفالکراو و پاشماوەی ئەنفال، سەرشۆڕی بە پارە و دوامۆدێلی هەموو شتێکەوە بۆ ئەنفالچی. ئیتر پاشماوەی ئەنفال بۆ خۆپیشاندان دەکەن؟!



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# گوێز ڕێگری لە شێرپەنجەی مەمک دەکات

خاتوو **ئیلین هاردمان** ، توێژەر لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی 'مارشاڵ'ی ئەمەریکادا دەڵێ: {توێژینەوەکەمان لەسەر مشکی تاقیگەیی ئەنجامدا، دواتر بۆمان دەرکەوت، لە چوارچێوەی سیستەمی خۆراکی تەندروست بۆ پاراستن لە نەخۆشیە درێژخایەنەکان، خواردنی گوێز وەک ژەمێکی ئاسان باشترین خواردنە لە چاو خواردنی شیرنەمەنی و فستق و پستەی برژاو، چونکە گوێز پێکهاتەیەکی تەندروستی هەیە و مادە دژە ئۆکسید و ترشی ئۆمیگا 3ی تێدایە}.

لەو بارەیەوە توێژەران دەڵێن : ' ئەگەر ژنان ڕۆژانە نزیکەی 60 گرام گوێز بخۆن دەتوان خۆیان لە تووشبوون بە نەخۆشی بە شێرپەنجەی مەمک و گەشەکردنی برینەکەی بپارێزن'

جێگەی ئاماژەیە کە ساڵانە هەزاران ژن بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمکەوە گیان لەدەست دەدەن، بەوهۆیەشەوە ئەو تۆژینەوەیە گرنگی و بایەخی زۆری هەیە. چاوەڕوانیش دەکرێ لە داهاتوودا تۆژینەوەی زیاتر لەسەر گوێزو پەیوەندی بە شێرپەنجەی مەمک ئەنجام بدرێن، بەڵام هەر لە ئێستاوە نرخی گوێز بەرز دەبێتەوە، چونکە ژنان بە زووی هەواڵەکە وەردەگرن و بایەخیش بە پاراستن و جوان ڕاگرینی مەمکیان دەدەن، هەروەک پێشتر لە ڕاپرسییەکدا ئاشکرابوو کە 95% ژنان بایەخ بە پاراستن و جوان هێشتنەوەی مەمکیان دەدەن.

# خۆشم ویستی چوون پێشمەرگە بووی

به ئێواران که خۆر دەنیشێت و.....
ڕوومەتی ئاسمان سوورهەڵدەگەڕێ
یادت دەکەمەوە
یادەکانت وەکوو برینێکی سڕ بوو...
لە گۆشەوکەناری دڵمدا مرۆچە دەکەن و
لە نێو چاڵوچۆڵی ژیانمدا چەقیون
تۆش گەر ڕۆژێک لە کۆڵانی دڵتدا
بە بەر دەروازەی نیگامدا تێپەڕ بووی..
یادم کەڕەوە
وەکوو جاری جاران....
جێی پێکانت بژمێردو ئاوڕ بەڕەوە
به ئێواران که خۆر دەنیشێت و...
ڕوومەتی ئاسمان سوور هەڵدەگەڕێ
یادت دەکەمەوە
بیرەوەریەکانت یەک بە یەک لە ناخی
دڵم دەشارمەوە
تۆش گەر ڕۆژێک باران بوو
گومان مەبەو...وەکوو جاری جاران
خۆت بدەرە بەر باران
منیش هێدی هێدی یادەکانت لە پشت
دەلاقەی دڵمەوە...
تنۆک تنۆک بە ناوی داچۆڕاوی
ئەو تاڵە قژەی بەر چاوتی
گرتبوو....بشۆمەوە
به ئێواران که خۆر دەنیشێت و ...
ڕوومەتی ئاسمان سوور هەڵدەگەڕێ
ئەو کراسەی کە حەزت لێی بوو
بەبەر دەکەمەوە
به پەرچەمی پەرێشانەوە چاوەڕێت
دەبمەوە
نامەیەکی ئهێنی به ماچی ئاڵ
دەڕاژێنمەوەو...
لە ناخی دڵم بۆتی دەشارمەوە
به ئێواران که خۆر دەنیشێت و ...
ڕوومەتی ئاسمان سوور هەڵدەگەڕێ
تۆش ئەو کەواوپانتۆڵە کەتافیەی کە من
حەزم لێی بوو
لە بەری کەڕەوە
ئەو چەکەی کە ڕۆژێ لێی دەترسام لە
شانی کەو...هەڵمەت بەڕەوە
لە سەر بەرزترین لووتکەی قەندیل پڕ
بە دەنگ بانگم کەڕەوە
بەخیلیم دەبرد بە کوردوستان !
لە سەر دڵت هەڵتکەندبوو....
یا کوردوستان یا ئەمان
وامدەزانی لێی لێژ کردووم جێگام
بەلام...
خۆشم ویستی چوون پێشمەرگە بووی
پاسەوانی دڵی من و گوڵی خۆت بووی
شانازی دەکەم بەو دڵەی پڕ بێ لە
خۆشەویستی کوردستان
خۆی ئەمێنێ و سەردانەئەوێنێ بۆ دوژمنان
به ئێواران که خۆر دەنیشێت و
ڕوومەتی ئاسمان سوور هەڵدەگەڕێ
یادێکی قووڵ لە ناخی دڵمەوە سەر
دەردێنێ و دەزریکێنێ
یا کوردستان یا ئەمان
خۆشم ویستی چوون پێشمەرگە بووی
پاسەوانی دڵی من و گوڵی خۆت بووی

کەژاڵ ئەقشبەندی

# بۆ ڕۆکسانا سابیری، کچێکی ئێرانی بە ناسنامەی ئەمەریکی

ئەگەر بێدەنگ بووم، لەبەر ئەو بوو، ئێستا ئەگەر قسە دەکەم، دووبارە هەر لەبەر ئەوە. لەبەر ڕۆکسانا سابیری، دۆست و دەزگیرانم. کچێکی زیرەک و بەهرەمەند کە هەمیشە بۆ من مایەی شانازی بووە و هەیە. 31ی ژانوییە بوو، ڕۆژی لە دایک بوونم، بەیانی پەیوەندی گرت کە بۆ جەژنی لە دایک بوونم دێت بۆ لام، بۆ ئەوەی بەیەکەوە بچینە دەرێ. نەهات ... پەیوەندیم گرت بە مۆبایلەکەیەوە. کووژابۆوە هەتا یەک دوو ڕۆژ نەمدەزانی چی ڕوویداوە. چووم بۆ ماڵەکەی و چونکە کلیلی ماڵی یەکتریمان هەبوو، چوومە ژووری بەڵام نەبوو ... دوای دوو ڕۆژ پەیوەندی گرت و گوتی " لێم ببوورە خۆشەویستم ناچار بووم، بڕۆم بۆ زاهیدان" و منیش تووڕە بووم کە بۆ چی بە منی نەگوتووە؟ گوتم باوەر ناکەم و دووبارە گوتی: "بمبوورە خۆشەویستم ناچار بووم" و گووشی تەلەفۆنەکە پچڕا و چاوەڕوانی پەیوەندی دووبارەی بووم و نەیگرت و نەیگرت.

ڕۆیشتم بۆ زاهیدان و تەواوی هۆتێلەکانم پشکنی و ناوێکی وایان نەدیتەوە، هەزار جۆرە فیکری نەخۆشم کردەوە تا دە ڕۆژ ... هەتا ئەوەی کە لە ڕێگەی باوکییەوە تێگەیشتم کە دەستبەسەریان کردووە و پێم وابوو کە گاڵتەیە. پێم وابوو لێک تێنەگیشتنە و دوو سێ ڕۆژی دیکە ئازادی دەکەن، بەڵام چەند ڕۆژ تێپەڕی و هەواڵێک لە ڕۆکسانا نەبوو. بە پەرۆش بووم و لەم دەرگە و لەو دەرگەمدا هەتا ئەوەی کە دواجار چی بەسەر هاتووە.

بە دڵێکی پڕەوە دەڵێم ئەو پاکتر و بێگوناەترە لەو قسانە. من ساڵانێکە دەیناسم و سات لە دوای سات لە کەناری بوومە، ئەم قسەیە دەکەم. ئەو هەمیشە خەریکی کارگەلی خوێندنەوەیی و توێژینەوەیی بوو، نە شتێکی دیکە. لەو ساڵانەی ئاشنابووندا، نەبوو جارێک بڕوات بۆ جێگەیەک کە من نەزانم، یان کارێک بکات کە بە بۆچوونی من ناشایست و نەگونجاو بێت. لە پێشینەی ئەو و بنەماڵەکەی و دەوروبەرییەکانیشیدا هیچ کات نیشانەیەک لە خاڵێکی ناشایستم نەبینیوە. چۆن دەبێ کەسێک کە جاری واهەبوو چەندین ڕۆژ لە ماڵی نەدەهاتەدەرێ، مەگەر بۆ دیتنی من، کەسێک کە بە شێوەی ژاپۆنییەکان کەم خەرج بوو وە جاری وابوو بە سەختی خەرجی ژیان و کارەکەی دابین دەکرد، کەسێک دەر بە دەر بە دوای پاڵپشتێک دەگەڕا تا دەزگایەکی چاپ و پەخشی ناوخۆیی بەو بناسێنێت تا بتوانێت کتێبەکەی لێرە چاپ بکات، ئێستا تاوانبار بووە بە سیخوڕی؟ !هەموومان دەزانین 'نا، لە نێو فیلمەکاندا دیومانە' کە سیخوڕەکان زۆر ناجنس و بەڵان و بەردەوام لێرە و لەوێ سەر دەکێشن و لە گەڵ ئەوەشدا زۆریش مووچە وەردەگرن.

ویژدانم لە عەزاب دایە. چونکە من ئەوم بۆ مانەوەو کارکردن هاندا. وە ئێستا ناتوانم یارمەتییەک بەو بکەم. ڕۆکسانا دەیویست لە ئێران بڕوات. من ڕامگرت. سەرەتاکانی ناسیاویمان ئەو دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا. پێیخۆش بوو کە پێکەوە بڕۆین. بەڵام من پێمداگرت کە بمێنێتەوە تا فیلمە تازەکەم تەواو بێت. ئەو بە تەواوی خەریک بوو لە ئێران دەڕویشت و من ڕامگرت. ئێستا نارەحەتم کە لەبەر من مایەوەو تووشی ئەم ڕووداوانە بو. خودی من لەم چەند ساڵەدا تووشی خەمۆکییەکی یەکجار زۆر بوومە. بۆچی؟ چون فیلمەکەم قەدەغە کراوە و لە بازاڕی ڕەش سەری دەرهێناوە. مۆڵەتیان بە فیلمەکەی دوایم نەدا و بە کردەوە منیان خانەنشین کرد. ئەگەر تا ئەمڕۆ ماومەتەوە بە هۆی ئامادەبوون و یارمەتییەکانی ڕۆحی ئەو بووە. من لەبەر مۆڵەت وەرنەگرتنی فیلمەکەم توند و تووڕە ببووم و ئەو بوو کە هەردەم منی بۆ هێوری و ئارامی بانگهێشت دەکردەوە.

ڕۆکسانا دەیویست لە ئێران بڕوات. من ڕامگرت. ئەو ئاگاداری خەمۆکییەکانی من بوو. دواتر من لەبەر ئەوەی کە بۆ ئەو ئەنگێزەیەک دروست بکەم تا بمێنێتەوە، داوام لێکرد کە پلانی نووسینی کتێبەکەی کە زۆر لەمێژ بوو لە بیریدا بوو، دەست پێبکات. من لە گەڵی بووم و لەبەر دۆستایەتییەکان و ئەو پەیوەندییانەی کە بووم لەم دەرگە و لەو دەرگەمدا و قەول و قەرارم دانا لە گەڵ سینەماکار و هونەرمەند و کۆمەڵناس و سیاسەتمەدار و ئەوانی دیکە، تەنانەت خۆشم لە وتوویژەکەیدا بەشداریم کرد. کتێبەکە سەرقاڵ بوونێک بوو بۆ ئەو هەتا بۆ مانەوە خۆی ڕابگرێت، تا من کاری فیلمەکەم تەواو ببێت و پێکەوە بڕۆین.

کتێبەکەی ڕۆکسانا کتێبێکی ئاسایی بوو و بە هیچ شێوەیەک دژی دەوڵەتی ئێران نەبوو. تەواوی بەڵگەکانی کتێبەکە هەیە و بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک چاپ دەکرێت و هەموو کەس دەیبینن. بەڵام ئاخر بۆچی هەموو بێدەنگ بوون؟! هەمووی ئەو کەسانەی کە قسەیان لەگەڵ کردووە و لە وتوویژی ئەودا بەشداریان کردووە و دەزانن کە ئەو چەندە سادە و بێ تاوانە.

ئەگەر ئەم نامەیە دەنووسم لەبەر ئەمەیە کە بۆ ئەو بەپەرۆشم. بەپەرۆشی سڵامەتییەکەی. بیستوومە کە خەمۆک بووە و بەردەوام دەگری. ئەو ژۆر هەست ناسکە. نەبادا دەست بداتە مانگرتن لە خواردن.

نامەکەم بۆ هەموو کاربەدەستانی دەوڵەت و سیاسەتمەداران و هەموو ئەو کەسانەیە کە دەتوانن کارێک بکەن. تۆ ئەو خودایە دەست هەڵگرن. تۆ ئەو خودایە ئەو مەهێننە نێو ئەو کایانەی گەورەکانەوە. ئەو کزتر و سادەترە لەوەی کە بتوانێت لە کایەی ئێوەدا بەشداری بکات. تۆ ئەو خودایە تەواوی بکەن، مەهێڵن بەم جۆرە ببێتە مۆرەی پەروپاگەندەی ئەم جیهانە پیسە. داوا لە من بکەن کە لە دادگەکەی ئەودا ئامادە ببم و لە تەنیشت باوکی تێگەیشتووی و دایکی میهرەبانیدا دابنیشم و بە پاکی و بێ تاوانی ئەو شایەدی بدەم.

کچی ئێرانیمان کە چاوانی ژاپۆنی هەیە و ناسنامەی ئەمەریکی، لە زیندان دایە. وای لە من. وای لە ئێمە!

بەهمەنی قوبادی

ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمتیاز: ڕێکار ئەحمەد.. ژمارەی تەلەفۆن:07501191497
سەرنووسەر: حوسێن حەسەن .. ژمارەی تەلەفۆن: 07504471631

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی شەست مەتری
گەڕەکی ڕزگاری
نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە
تەلەفۆن:07501179846

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی ڕزگاری
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکی
تەلەفۆن:053219256

ئۆفیسی ڕانیە
شەقامی نالی
کتێبخانەی ڕۆژی گەل
تەنیشت گەرجی عەباس
تەلەفۆن:07501163805